# ساڵی ٢٠١١ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

تا/ بەهرە صدیق

**وەزارەتی ڕۆشـــنبیری و لاوان یەکێکە لەوەزارەتە کاریگەرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، چونکە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ چینێکی بەرفراوان و کاریگەری کۆمەڵگە هەیە، ئەویش توێژی هونەرمەندانە، بەهەموو بوارەکانی هونەرەوە وەك: سینەما و مۆسیقا و شانۆ و دراما و شێوەکاری و..تاد. هەروەها ڕێکخستن و سازدانی فیستیڤاڵ و کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنسێرت و پێشانگا، ئەمە جگە لەو لایەنەی پەیوەستە بەبواری لاوانەوە.**

**لەساڵی ٢٠١١ش وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین کارو چالاکی لەبوارە جیاجیاکان ئەنجامداوە، بەڵام لێرە پرسیارێك دێتە ئاراوە ئایا وەزارەتی ناوبراو توانیویەتی وەکو پێویست لەئەرکەکانی خۆیدا سەرکەوتوو بێت و خزمەت بەگشت بوارەکانی هونەری کوردی بکات، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە چەند هونەرمەندێکمان بەم شێوەیە هێنایە ئاخاوتن.**

### بودجەی بەڕێوەبەرایەتییەکان کەمە

سەرەتا هیوا سوعاد بەڕێوەبەری شانۆ گوتی «وەزارەتی ڕۆشنبیری لەساڵی ٢٠١١ هەنگاوێکی گرنگی نا، ئەویش زیاتر پێدانی دەسەڵاتە بەبەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان، بەڕێوەبەرایەتییەکەمان کۆمەڵێك چالاکی ئەنجامداوە وەك فیستیڤاڵ و وۆرك شۆپ، ئەوەی من تێبینی لەسەر بکەم ئەوەیە بودجەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە زۆر کەم بوو بۆ ئەمساڵ، دەکرێ بۆ ساڵانی داهاتوو زیادبکرێت، چەند فیستیڤاڵ سازکران لەسنووری پارێزگاکان بەتایبەتی پارێزگای سلێمانی، لەڕاستیدا لایەنی باشیان هەیە و لایەنی خراپیشیان هەیە، کە بەئاسانی دەستنیشان دەکرێت، تەنیا سازکردنیان کارێکی باشە، بەڵام بۆ ساڵی داهاتوو پێشنیار دەکەم کە تایبەتمەندیان بەخۆوە هەبێ، بۆنموونە فیستڤاڵێکی هونەری لەهەولێر بکرێت یەکێکی تر لەشارێکی تر بکرێت، چونکە هەر ناوچەیەو تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، ئەو فیستیڤاڵانەش لەشوێنێك بکرێت کە شوێنی لەبارە نەك لەشوێنێك بکرێ کە خەڵکی شوێنەکە خۆیان قبوڵی نەکەن، دەتوانم بڵێم وەزارەتی ڕۆشنبیری و دیوانی وەزارەتیش زۆر بەچاکی مامەڵەیان لەگەڵ نووسراوەکان و چالاکییەکانی ئەم وەزارەتە کردووە، لێهاتوویی و نەرمی وەزارەت خۆی لەخۆیدا وای کردووە کۆمەڵێك کارو چالاکی بکرێت، تێبینم ئەوەیە کەیەکسانی بکرێت لەبودجەو کاردا و ڕێگری نەکرێت، هەرچەندە ڕێگریش نەکراوە، ئەوەش هەمووی بۆ پێش خستنی کاری وەزارەتە، بەڵام ئەو کەموکوڕیەی هەیە بۆ نەبوونی سیستەم دەگەڕێتەوە، ئەگەر سسیتەمێك هەبێت ئەوا کاری وەزارەتیش بەڕوونی و بەزەقی دیار دەبێت، ئێمە لەوڵاتێکی بێ سیستەمین، بۆیە کار بۆ خەڵکانێك کراوە لەم وەزارەتەو بۆ کەسانێکیش نەکراوە لێرەدا کە سیستەم نەبێ، ئەوا مەزاجی کەسایەتی زاڵ دەبێت، بەڵام ئەوە دەکرێ بەڕێوەبەرە گشتییەکان وەڵامی بدەنەوە ئەوکات ئەوان قسەی خۆیان دەبێت».

### ئەوانەی لەوەزارەتی ڕۆشنبیری و لاواندا کار دەکەن، بەشێکیان پسپۆڕ نین

مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی بەم شێوەیە باسی کارو چالاکییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکات و دەڵێت: ڕاستە لەساڵی ٢٠١١ هەندێ کارو چالاکی هەبووە، بەڵام بەداخەوە من بڕوا ناکەم وەکو پێویست لەئاستی هەرێم بووبێ، ئەو فیستیڤاڵانەی کراون، بووە بەماڵ بەسەر وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەگەر نا پێویستە هەموو ساڵێك بۆ ساڵی داهاتوو لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ لەم بوارە کۆببنەوە، بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی لەم وەزارەتە دەوام دەکەن پسپۆڕ نین بۆئەوەی بتوانن بەرنامە بۆ کارو چالاکییەکان بۆ ساڵی نوێ دابنێن، تاکو بتوانن باشتر خزمەتی کوردستان بکەن، یان ئەو شاندانەی کە لەدەرەوەی هەرێم دێن بتوانن بەئاستێکی جوان کاروچالاکییان نیشان بدەن و ببن بەنموونە بۆ هەرێم، ئەو پلانانەی هەیە هەمووی پلانی مەزاجین، بۆیە ئێمە کاتێ بەدەعوەتنامەیەك هاتین بۆ هەولێر، بەڵام نەچوونمان باشتر بوو، بۆیە وام پێباشە، پێویستە لەساڵی نوێ ئەو کەسانەی لەبەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری دەبن کەسانی پسپۆڕ و ڕۆشنبیر بن، تاکو بتوانین پلانێکی ڕێك دابنێن و هەندێ شتی هەنووکەیش دێتە پێشەوە، بۆیە لەساڵی ٢٠١١ هیچ شتی وام نەبینیوە کە وەزارەت کردبی، ئەوانەشی کراوە لەسەر ئاستی تاکەکەسی کراوەو کاری کەسی بووە بەجۆرێك لەجۆرەکان دەنگی داوەتەوە، ئەگەرنا ئەم وەزارەتە لای من بوونی نەبووە، زۆربەی



# بەدیدی هونەرمەندان چۆن بوو؟

ئەوکەسانەی لەم دامودەزگایانە کاردەکەن کەسی شارەزاو لێهاتوو نیین، هونەرمەند هەر ئەوانە نین کەلەناو وەزارەتەکە کار دەکەن، زۆر هونەرمەندی تریشمان هەیە لەدەرەوە کاری جوان دەکەن، بۆیە پێویستە بتوانن لەگەڵیان پێوەندییەك دروست بکەن تا ئاگاداری کارو چالاکییەکانیان بن».

**کارساتی هەرە گەورە ئەوەیە شتێك نییە بەناوی (پلاندانان)!**

مامۆستا وریا ئەحمەد هونەرمەندی بواری موزیك، ئەویش بەم شێوەیە باس لەکارو چالاکییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەساڵی ٢٠١١ دەکات و دەڵێت: لەساڵانی ڕابردوودا لەکاتی چاوپێکەوتنەکانمدا هەندێ پێشنیاری جوانم بەڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان گوتووە و خستوومەتە بەرچاوی بەرپرسان، ئەگەر ماوەی خوێندنەوە یا سەیرکردنی ئەمجۆرە شتانەیان هەبووبێت! بەڕای من لەبواری گۆرانی و موزیك کارەساتی هەرە گەورە ئەوەیە شتێك نییە بەناوی (پلاندانان)! چەند جارێکیش وەك (شارەزا) لەوەزارەتی (ڕۆشنبیری و لاوان) یادداشتم لەمبارەیەوە داوەتە دەست بەرپرسانی وەزارەت، ئەمەش بەمەبەستی چاککردنی باری گۆرانی و موزیکی کوردیمان و دانانی سنوورێك بۆ زۆرێك لەبەرهەمی نوێ نەك هەمووی، کە تیایاندا ئاوازی نامۆ و گۆرانیبێژی دەنگ ناخۆش و بەرهەمی ئەوتۆ هەیە، گوێگری سادەش وەك ڕۆژی ڕووناك دەیبینێت کە هیچ پێوەندییەکیان نە بەکەلتوور و نە بەڕەسەنایەتی گۆرانی و موزیکی کوردییەوە نییە! چەندین جار پێشنیارمان کرد، نەك وەك (سانسۆر)، بەڵکو لیژنەیەکی هەڵسەنگاندن لەوەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان دابنرێت، ئەندامەکانی ئەو لیژنەیە کەسانی پسپۆڕی بوارەکە بن، با گەنجی بەهرەداریشی تێدا بێت، شاعیری گۆرانی تێدا بێت، گۆرانیبێژ و ئاوازدانەری تێدا بێت، جا مانگی جارێك لیژنەکە کۆببێتەوە و سەیری ئەو بەرهەمانە بکات، کە داوای بوودجەیان لەوەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کردووە و بەچاوێکی هونەریانە سەیری بەرهەمەکانییان لەهەموو ڕوویێکەوە بکەن و ئەوانەی شیاون پشتگیری بکرێن و ئەوانی دیکەش پشتگوێ بخرێن. چونکە ماقووڵ نییە بۆ نموونە: ئاوازی (عەرەبی میسری) بەهەمان (سۆلۆ)ی (تەپڵی میسری) و (ئۆکۆردیۆن)ێك کە لەو وڵاتە بەزۆری بۆ (ئافرەتی سەماکەر) دەژەنرێت، لێرە بوودجەی زەبەللاحی بۆ دابین بکرێت و گوێی منداڵی کوردی پێ سەقەت بکرێت، هەر لەبەر خاتری ئەوەی کچە گۆرانیبێژەکان و بەناو ئاوازدانەرە مۆدێرنەکەیان دڵیان نەڕەنجێت. لەسەردەمی ڕژێمی لەناوچوودا تاکە شتێك کە بەدەست ئێمەی هونەرمەندانی کوردەوە مابوو، کە بەرگری لەخۆمان و لەزمانەکەمانی پێبکەین، ڕەسەنایەتی هونەرەکەمان بوو، ڕەزم و شێواز و تام و بۆ و مۆرکی گۆرانی و ئاوازی کوردی بوو، دوژمنانی هەراسان کردبوو، لەمیهرەجانەکانی چالاکی قوتابخانەکاندا لەناو هەموو پارێزگەکانی عێراقدا بەرهەمی کوردی ڕەسەن یەکسەر دەناسرایەوە و دوژمنان پێی دڵتەنگ و هەراسان دەبوون! ئەمڕۆش ئەو هونەرمەندانەی بۆ کۆنسێرت بۆ دەرەوەی وڵات چوون، دەزانن لەوێ ئێمە بەئاوازی ڕەسەنی کوردی لەباوك و باپیران جێماوەوە شوێنی خۆمان دەکەینەوە و ڕێز بۆ خۆمان وەك هونەرمەندی کورد و بۆ هونەری نەتەوەکەمان بەدەست دەهێنین. لەشوێنی ئاوەها گەر بڕۆین ئاوازی (عەرەبی) و (تورکی) و (فارسی) بەهۆنراوەی کوردی پێشکەش بکەین، وەك بەداخەوە ئەمڕۆ بۆتە باو، بێشك بەها و نرخی هونەرەکەمان لەدەست دەدەین، چونکە ئەوان هونەرمەندی شارەزای ئەوتۆیان هەیە توانای هەڵسەنگاندنی بەرهەمی هونەریان هەیە و هەر زوو دەزانن ئاوازی گۆرانییەکە کوردییە یان دزراوە.

مامۆستا (کەمال غەمبار) بۆی گێڕامەوە و گوتی: جارێکیان هونەرمەندی کۆچکردووی ناودار (مونیر بەشیر) بۆی گێڕاینەوە و گوتی: (ئێمە سەرەتا چەند جارێك بۆ سازدانی (کۆنسێرت) بۆ دەرەوەی وڵات داوەت کراین و بۆ ئەو مەبەستە (سمفۆنیا) و (کۆنچرتۆ) و (سۆناتای کلاسیك)مان ئامادە کرد، گوتی: کەچی لەوێ پێیان گوتین: گەر عادز نابن ئێمە لەو هونەرەدا لەئێوە بەتواناترین، گەر دەتانەوێت گوێتان لێ بگرین، بەرهەمی ڕەسەن و فۆلکلۆری خۆتانمان بۆ بهێنن. گوتی: ئێمەش هەر وامان کرد، سەیرمان کرد ئافەرین و دەست خۆشیمان بەسەردا باری!

**چونکە سانسۆر نییە پارەیەکی زۆر بەهەدەر دەڕوات**

سەعید ئەحمەد ڕواندزی پێی وایە «ئەو هاوکاریانەی کە لەوەزارەتی ڕۆشنبیری تەرخان کراوە بۆ ئەو هونەرمەندانەی کە لەبواری موزیك کاردەکەن، ئاڵۆزییەك هەیە، لەوهاوکاریانەی کە بۆ ئەو هونەرمەندانە دیاری دەکرێ، حەز دەکەن ئیشی نوێیان هەبێ، وەك خۆم پێموایە نەتوانراوە خزمەتی هونەرمەندان بکرێت لەم وەزارەتە, بەتایبەت ئەوهونەرمەندانەی جێی پەنجەیان دیارە لەهونەری کوردی، بەداخەوە ساڵانە خەڵکانێکی زۆر ڕوو لەوەزارەتی ڕۆشنبیری دەکەن، بەڵام بەهۆی نەبوونی هیچ سانسۆرێك نەتوانراوە خزمەتی تەواو بکرێت، بەتایبەت لەمەسەلەی سندوقی داهێنان، ئەو پارە بەهەدەر دانە بۆچی؟ بۆکێ ؟کێ گوێی لێ دەگرێ؟ بۆ هونەرمەندێك کە ئەلبوومی نەبێ و گوێگری بەو ڕاددەیە نەبێ، بۆچی ئەوهەموو پارەی لێ سەرف بکرێت، من پێموایە ئەو پارەیە لەهونەرمەندێك سەرف بکرێت کە خزمەتی هەیە لەگۆرانی و موزیك بەلیژنەیەکی پسپۆڕی بەویژدان کارەکانیان هەڵسەنگێنرێ، ئنجا ئەو یارمەتییەیان بدرێت و پارەیان بۆ سەرف بکرێت، بەهیوام ئەو کێشەیە زوو چارەسەر بکرێت، بۆئەوەی هونەرمەندانیش سوود لەو هاوکارییە وەربگرن کە وەزارەتی ڕۆشنبیری تەرخانی کردووە بۆ هونەرمەندان، ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی موزیك هاوکاری هونەرمەندانمان کردووە، بەڵام نرخەکەی ئەوەندە زۆر نییە، تاکو بتوانین کلیپێکی پرۆفیشناڵ و کوالیتی بەرزیان بۆ ئەنجام بدەین تاچەند ملیۆنێك توانیومانە یارمەتیان بدەین، بەداخەوە ساڵانێکی ئێجگار دوورو درێژ من ئاگاداری هیچ شتێك نیم! بۆ دەبێ ئاگادار نەبم، دەکرێ هونەرمەندێك ئاگاداری ئەوە نەبێ کە ئەو سندوقە چۆن بەکار دەهێنرێ، هونەرمەندان لەزۆر دەرگا دەدەن، هونەرمەند هەیە لەدەرگای بەرپرس دەدا و کاری بۆ دەکرێ سەیر دەکەم هونەرەکەی بۆتە شتێکی بازاڕی شتێکی بێ سانسۆر، بێ ئەوەی فلتەرو لێکۆڵینەوە هەبێ، بۆیە ئەو گێژاوەی تێیکەوتووین ڕاستە مەترسی نییە، بەڵام هیچ خزمەتێکیش بەهونەری کوردی ناکات، نەدەچێتە خانەی مێژوو و نەدەچێتە ئەلبومی گۆرانی موزیکی کوردی، نەبزاڤیشە بۆ ئەوانەی هونەری موزیکی کوردی بڵاو دەکەنەوە، ئەوەم ماوە بڵێم زۆری و بۆری هونەرمەندان وا بڕوات هیچ هونەرەکەمان پێش ناکەوێت، با مەجالی هونەرمەندان بدەن، مەجالی ئەو کەسانە بدەن دەیانەوێ، خزمەت بکەن، ئەگەر وابڕوا دەبێ هەموومان واز لەهونەری موزیکی کوردی بێنین و مەیدان بۆ ئەو کەسانە جێ بێڵین کە بەهەموو شێوەیەك دەیانەوێ زیان بەهونەری موزیکی کوردی بگەیەنن».



# ڕەوەند دەڵێ: «بەوە دەناسرێمەوە کوڕی ئەو باوکە و ئەو خێزانەمە»

یەکێکــە لەو هونەرمەندە لاوانەی لــەم کۆتاییەدا هاتۆتە ناو هونەری کوردی کە توانیویەتی لەماوەیەکی کورتدا چەند کلیپێك بۆ گوێگران و خۆشەویســتانی ئامادە بکات و چەند گۆرانیەکی خۆش بەبەر گوێیان بدات، ئەو لەبنەماڵەیەکی هونەریــە و لەناو خێزانێکی هونەری گەورە بــووە (ڕەوەند نازم بندیان)لە چاوپێکەتنێکی تایبەت لەگەڵ گوڵان بەم شێوەیە دەدوێ:

ســەرەتای ساڵی ٢٠١١دەستم بەکاری هونەری کردووە و تا ئێستا سێ کلیپم هەیە و ئەوەشیان چوارەمە.

ســەبارەت بەکلیپە نوێیەکەی دەڵێت «کاری کلیپەکەم لەکوردســتانە لە شــەقڵاوە، ئاواز و میوزیکیشــی تورکیە و ناوەڕۆکی کلیپەکەش باس لەبێوەفایی دەکات کە لەهەڵبژاردنی، خۆمە چونکە واهەستم دەکرد لەم کاتەدا خۆم ڕووداوی وام بەسەرهات.

لەدەرهێنانی کلیپەکەم باوکم زۆر یارمەتی دەرم بووە لەهەموو لایەنێکەوە، بۆیە سوپاسی دەکەم.

خۆشەویســتی بۆهونەریش دەگەڕێنێتەوە بۆ حــەزی خۆی بۆهونەر، هەردووکیــان هاندەرن بۆکارەکانم تابتوانم لەماوەیەکی کورت دا زۆرترین شتیان پێشکەش بکەم.

لەگەڵ ئەوەش دەڵێت «بێگومان کاریگەری خێزانم لەســەر بووە ئەوەی من دەناسێ بەوە دەمناسێتەوە کە کوڕی ئەو باوکەو ئەو خێزانەم»


لەکۆتاییش دەڵێ «ڕێز و خۆشەویســتیم بۆ گشــت ئەوکەســانەیە کە هاوکاریان کردم لەکاری کلیپکردن و وێنەگری خۆشەویست کاك سامان عەدنان و کاك بۆتان عەبدوڵا، لێرەوە سوپاسیان دەکەم»

هیواردارم بتوانم شــتێك تۆمار بکەم لەهونەری کوردی و سوپاسی ئەو گۆڤارە جوانەش دەکەم بۆ بەســەرکردنەوەی هونەرمەندان، پێم خۆشــە توانیبێتم شتێك بکەم لەدەرەوە بۆ کوردستان.

**ئا/ بەهرە سدیق**



## لە کاتی خەڵاتکردنی کازمیان بێزار کرد



گۆڤــاری (المغتــرب)ی لوبنانــی ســاڵانە یەکێك لە هونەرمەنــدە عەرەبــەکان خەڵات دەکات کــە زۆرترین کاریگەرییان بەســەر جەماوەری عەرەبییەوە هەبووە، بۆ ساڵی ٢٠١١ هونەرمەندی ناوداری عێراقی کازم ساهیریان هەڵبژارد. ئەوەی جێگای سەرنج بوو لە کاتی دابەشکردنی خەڵاتەکان، کازم ساهیر زۆر توڕە و بێزار بوو لە وێنەگرەکان بەتایبەتی کە زۆر وێنەیــان دەگرت بەجۆرێك کــە توڕەیی و بێزارییەکەی بە ئاشــکرا پێوە دیار بوو و خەریك بوو لەسەریان هاوار بــکات ئەمەش بووە مایەی سەرسوڕمانی ئامادەبووان و ئەم هەڵوێســتەی کازم تا رادەیەك بووە مایەی نیگەرانی لیژنەی خەڵات کردنەکە.

## هال بێری بەقاچێکی شکاوەوە دەچێتە بازاڕ

لەکاتی ئەنجامدانی چەند کارێك لەئیســپانیا، خانمە ئەکتەری ئەمریکی هال بێری کەوتە خوارەوە و قاچی شــکا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ماوەیەك ون بێت لەبەر چاوان.

بــەڵام بەم دواییە هال بێری لەگەڵ (نەهلا)ی کچیلە ڕۆژئاوای هۆڵیۆد بینران و لەقاچی ڕاســتی پێڵاوێکی پلاستیکی تایبەتی لەپێ کردبوو و پێدەچوو کە قاچــی خەریکە چاك دەبێتەوە، بەم دواییەش هال بێری مشــتومڕێکی زۆری نایەوە کاتێك بۆ جاری ســێیەم شــووی بەئەکتەری فەرەنسی ئۆلیڤی ماتینیز کــرد، دوای ئەوەی لەمیانەی فیلمی (زە دارك تایــد) چاویان بەیەك کەوت و ماوەیەك پێوەندی خۆشەویستی لەنێوانیان هەبوو.

شــایەنی گوتنە ئەمە سێیەم جارە هال بێری مێرد بکات، جاری یەکەم پێوەندی هاوســەری لەگەڵ دیڤید جاســتینی یاریزانی تۆپی پێ هەبوو کە سێ ساڵ بەیەکەوە بوون و جاری دووەمیــش لەگەڵ ئیریك بینیت کە پێوەندییەکەیان دوو ساڵ بەردەوام بوو.



# منه خۆی فێره كۆنگ فو دەكات



ئەستێرەی سینەمایی میسری منه شەلەبی خەریكی خۆ ئامادەكردنه بۆ بەشداریكردن لەفیلمێكی نوێ، بەڵام بەر لەوەی ڕۆڵەكەی خۆی ببینێت پێویسته هەندێك وانەی كۆنگ فۆ فێر بێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگری لەخۆی بكات.

لەم فیلمەدا منه ڕۆڵی كچێك دەبینێت كه دووچاری دەستدرێژی سێكسی دەبێتەوه و ناچار دەبێت بەرگری لەخۆی بكات، بۆ ئەم مەبەسته پێویسته فێره كۆنگ فۆ ببێت بۆ ئەوەی بەرگری لەخۆی بكات و پەیمانگایەكی تایبەت دەكاتەوه بۆ ئەوەی كچان فێره كۆنگ فۆ بكات و هانیان بدات تاكو بتوانن بەرگری لەخۆیان بكەن، بیرۆكەی ئەم فیلمه زۆر سەرنجی منەی ڕاكێشاوه، چونكه خۆی پێشتر یەكێك بوو لەپاڵەوانەكانی زۆرانبازێی ڕۆمانی، هەروەها پێشتر چەند وانەیەكی كۆنگ فوشی خوێندووه و ئێستاش بەجددی بیر لەدامەزراندنی كۆمپانیایەكی ئەمنی دەكاتەوه.

# ئۆتومبێلەكەی دۆمینیک دەدزرێ

چەند جەردەیەك لەشاری مۆنتی كارلۆ ئۆتومبێلەكەی خانمه گۆرانی بێژی لوبنانی دۆمینیك حۆرانی دەدزن كەلەجۆری بەتلیه لەم بارەیەوه دۆمینیك گوتی»ئەو ئۆتومبێله دیاریەكی زۆر گران بەهایه كەلەلایەن هاوسەرەكەیەوه پێشكەشی كراوه بۆیه دزینی بوه هۆی خەمباری و مایەی نیگەرانی من،بەڵام بەپێی زانیاریەكان ئێستا ئۆتومبێلەكه له بەلجیكایه بۆئەم مەبەستەش بەنیازم سكاڵا لەدادگا تۆماربكەم،دۆمینیك ئەوەشی خستەروو كه نیگەرانه بەوەی ناتوانێ ئۆتومبێلەكەی لەو كەسه بستێنێتەوه كەلەدزەكانی كریوەتەوه،دۆمینیك دزینی ئۆتومبێلەكەی بۆ چاو و زار گەڕاندەوە گوتی»ماوەیەكه هەست دەكەم خەڵك چاویان خستۆته سەرمان و وازمان لێ ناهێنن،سەبارەت بەجوانیش دۆمینیك گوتی»زۆر كەس پێیان وایه من پشت بەجوانی وروژاندن دەبەستم بۆ ئەوەی سەركەوتوو بم،بەڵام ئەمەش ڕاست نییه چونكه من خاوەن توانا و بەهرەی هونەریم».



# باوكی ليندسی شانازی بەكچەكەیەوه دەكات



مایكل لۆهانی باوكی لیندسی لۆهانی ئەستێرەی سینەمایی ئەمریكی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەدەركەوتنی كچەكەی بەڕووتی لەسەر بەرگی گۆڤاری پلەی بۆی.

مایكل لۆهان لەلێدوانێكیدا بۆ گۆڤاری (US Magazine)ی ئەمریكی دەڵێت:من زۆر دڵخۆشم كه دەبینم كچەكەم دڵی خۆش و ئاسودەیه، چونكه ئەوەی دەیكا هەنگاوێكه لەڕێگای كارەكەی خۆیەوە، هەرچەندە من ترسم لەوە هەیە، بەڵام ئەمەش لەبەرژەوەندی كاری خۆیەتی.

لیندسی لۆهانی تەمەن ٢٥ ساڵ لەبەرامبەر بڕی یەك ملیۆن دۆلار وێنەكانی خۆی بەڕووتی لەسەر بەرگی ژمارەی مانگی یەك و دووی ٢٠١٢ی گۆڤاری پلەی بۆی بڵاوكردەوە و تێیدا تەقلیدی ئەستێرەی كۆچكردوو مارلین مۆنرۆی كردبوو، دایكی لۆهان لەلایەن خۆیەوە ئەم هەنگاوەی كچەكەی بەدەرفەتێكی باش زانی بۆ ئەوەی ناوبانگی زیاتر بڵاو بێتەوە و هیچ بەربەستێك نەیەتە سەر ڕێگای دەركەوتنی، هەروەها لۆهانیش ڕایگەیاند كه بڵاوبوونەوەی ئەم وێنانه بوونە هۆكاری ئەوەی كه بڕوای زیاتری بەخۆی هەبێت و خۆی بەئەستێرەی وروژاندن دابنێت، چونكه ئەمە بەشێكی نەپچڕاوە لەژیان و سروشتی من و نامەوێ لەو سروشتەی خۆم لابدەم.

# شەماڵی عەبەڕەش:
# بەجیهانی بوونی هونەر پەیوەستە بەبوونی دەوڵـــــــــــــــە

شەماڵ عەبدوڵا عەلی لەدایکبووی شاری سلێمانی گەڕەکی گۆیژە یەکێکە لەدامەزرێنەرانی تیپی شانۆی سۆران ساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨ لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندی تر. شـــەماڵی عەبەڕەش یەکێکە لەو هونەرمەندانەی جێ پەنجەیەکی دیار و بەرچاوی هەیە بەکاروانی هونەری کوردیەوە، ئەم هونەرمەندە دانەبڕاوە تەنانەت لەشاخ وەکو هونەرمەندی پێشمەرگە درێژەی بەخەباتـــی کوردایەتی لەڕێگەی هونەرەکەیەوە داوە، شـــەماڵی عەبەڕەش یەکێکـــە لەهونەرمەندە دەوڵەمەندەکانی هونەری کوردی، خاوەنی ٢٩ شـــانۆگەری و شـــەش دراما و شەش فیلمی سینەماییە، لەدەرفەتێکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

* لەساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لەبواری هونەریدا بوونت هەبوو، بەڵام بەر لەچەند ســـاڵێك لەدیمانەیەکتدا باســـت لەوە کردووە کە هێشـــتا هەســـت دەکەی لەســـەرەتای کاروانەکەی، ئەمە نیشاندانی تەوازوعە یان ڕاستیەکە و دەیدرکێنی؟

- بێگومان ئەمە ڕاستییەکە و بیرکردنەوەیەکی زانستی سەربەست بەهونەر و ئەزموونی منە لەو بوارەدا.

* لەو وێستگە هونەریانەی کە شەماڵی عەبەڕەش لەیادیان ناکات دەکرێ خۆشـــترین یادگاری خۆی بدرکێنێ بەتایبەتی لەســـاڵانی هەشتاکان و پێشتریش؟

- هەڵبەت لەهەموو ئەو ئەزموونەی کە پێیدا ڕۆیشتوومە، هەریەکە بەپێی خۆی چەندێك زانیاری و هوشـــیاری پێ بەخشیوم و کۆمەڵێك یادگاری لام جێهێشـــتووە، یەکێك لەو یادگاریانە ســـەرەتای ساڵانی حەفتاکان بوو لەشاری بەغدا شانۆگەری (کاوەی ئاسنگەر)مان پێشکەش کرد لەهۆڵی ئەلموستەنسریە، من ڕۆڵی کاوەم ئەگێڕا، یەکێك لەهاوڕێ هونەرمەندەکانم ڕۆڵی ئەفسەرە ئەژدیهاکەی دەبینی و بەدەست و چەکوشی من دەکوژرێت، پـــاش تۆزێك و لەکاتێکدا دیالۆگـــم دەوت بوو بەیەك چەپڵە ڕێزان، بەڵام هاوڕێکەم بەهەڵە وایزانی بینراوە کە کۆتایی هاتووە ڕێك هەســـتایە سەر پێ و ویســـتی بچێتە ئەو دیو پەردەکەوە، کە ئاوڕی دایەوە و بینی هێشتا بینراوەکـــە بەردەوامە هاواری کرد (ئاخ ئـــاخ) وەك ئەوەی بریندار بێت و چـــووە دەرەوە، ئـــەم کارە بووە مایەی پێکەنینێکـــی زۆر و بەهێز لەلایەن بینەرانەوە.

*کـــە بەزمانـــی هۆڵەندی کاری هونەریت پێشـــکەش کـــرد و هونەری میللەتەکەشت کەس ئیرەیی پێ نابات، هەستت چۆن بوو؟

- بێگومـــان کاتێك هونەرمەند کە بەزمانـــی بیانی یان بڵێین زمانێك کە زمانی دایکی نییە کاری هونەری پێشـــکەش دەکات بەتایبەتی لەســـەر شـــانۆ هەستێکی جیاوازی لا دروســـت دەبێت، لەلایەك تۆ بەپەرۆشی کە دیالۆگەکان بەو واتایە بگاتە بینەر کە خۆت مەبەســـتتە، لەهەمان کاتدا پەرۆشـــی لایەنە هونەرییەکەشی کە بەشـــێوەیەکی جوان بەرچاوی بینەر بکەیت، لەلایەکی تریشـــەوە تۆ لەناو بینەرێکی بیانیدا کارەکەت پێشکەش دەکەیـــت کە خاوەنی کلتوور و تێڕوانینی جیاوازە لەکۆمەڵگە و ناوەڕۆکی ئـــەو دەقەی تۆ بۆی پێشـــکەش دەکەی، ئەمانـــە هەموویان کاریگەری دەروونی لەسەر هونەرمەند دروست دەکەن.

*ئێســـتا ســـەرقاڵی کارێکی نوێی و بـــەر لەماوەیەکیـــش لە(ئاکامی نهێنییەکان) بەشدار بووی کەموکوڕی یاخود تێبینیت لەسەر ئەم دووکارە و ئەوەی بەر لە٢٠-٢٥ ساڵ پێشکەشتان دەکرد چین؟

- بەڵێ ئێســـتا من ســـەرقاڵی پڕۆژەیەکی نوێم و لەخۆ ئامادەکردندام بۆ ئـــەو پڕۆژەیە، بێگومان ئەو پڕۆژەیە و هەتا پڕۆژەی پێشـــووم (ئاکامی نهێنییـــەکان) جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو کارانەی کە ٢٠-٢٥ ســـاڵ بەر لەئێستا کردوومانە یان بەشدار بووم تێیدا، چ لەڕووی هونەری تەکنیکەوە چ لەڕووی قاڵبوونەوەی هونەرییەوە، خۆم بۆ کارەکەم چ لەڕووی هەڵبژاردنی دەق و تەرخانکردنی کات و پێچوونـــی پڕۆژەکە لەڕووی کاتەوە، بەمانای درێژخایاندنی پڕۆژەکە. پاشـــان ئەو ســـەردەمە دنیـــای دەرەوە داخراو بوو بـــەڕووی هونەرمەند و هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە، بەڵام ئێســـتا هەموو جیهان بۆتە گوندێك بەهۆی ئینتەرنێتـــەوە، هونەرمەند لەنزیکەوە دەتوانێت ئاگاداری پێشـــکەوتنەکان بێت گەر بیەوێت. هەتا باری سەرنج و ڕەخنەکان ئێستا جیاوازن لەڕووی فرسەتی بڵاوکردنەوە، ئەوسا زۆر زەحمەت بوو هەموو کەسێك بتوانێت لەڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا سەرنج و ڕەخنەکانی بڵاو بکاتەوە، بەڵام ئێستا بۆ نموونە لەڕێگای فەیسبوك هەموو کەس سەربەستە ڕەخنە و سەرنجەکانی بڵاو بکاتەوە.

*وەك هونەرمەندێکـــی تاراوگە هونەرمەندی کوردی بەزمانی خۆی زیاتر خزمەت بەهونەری کوردی دەکات یان بەزمانەکانی تر؟

-بەبـــڕوای من لەتاراوگە هونەرمەند بەزمانی ئـــەو وڵاتەی تێیدا دەژی کارەکەی پێشـــکەش بکات باشتر و خزمەتگوزاریترە، چونکە زمان لەشانۆدا ناڵێـــم تاکە بنەمایە، بەڵام بنەمایەکی ســـەرەکییە بۆ گەیاندنی کارەکەت، لەلایەکـــی تر بۆ ئـــەوەی بتوانی بینەر زۆر بکەی بۆ کارەکەت پێویســـتە بەزمانی بینەرەکە بدوێیت و ئێمە لەم مەسەلەیە ئەزموونمان هەیە و زۆریش سەرکەوتوو بووین تێیدا، بۆ نموونە چەند شانۆگەرییەکمان بەزمانی هۆڵەندی پێشـــکەش کرد کە ئەمەش بووە مایەی دروستکردنی بینەرێکی هۆڵەندی بەرچاو بۆ کارەکانمان.


* هونەرمەندی کوردمان هەیە گەیشتوونەتە قۆناغی بەجیهانیبوون لەهونەر، کەی هونەری کوردی دەگاتە ئەو ئاستە؟

-من نازانم مەبەســـتت کام شانۆکار و هونەرمەندانەیە کە گەیشتۆتە ئاستی بەجیهانـــی بوون، بەڕای من بەجیهانیبوون تەنیا ئـــەوە نییە کە لەکارێکدا لـــەدەرەوەی وڵات کار بکەی، یان لەدەقێك لە دەقەکانی درامایەکدا لەدەرەوە کارت کردبێت، یان کارێکت لەیەکێك لەفیســـتیڤاڵەکان لەدەرەوە بەشدار بێت، پاشـــان من چەند ساڵێك لەمەوە پێش باسم لەم مەسەلەیە کردووە و ئێستاش لەســـەر هەمان باوەڕم کە ئەم مەســـەلەیە پێوەنـــدی بەبوونمانەوە هەیە وەك دەوڵـــەت واتە بوونمان لـــەڕووی فەرمییەوە، دان پێنانمـــان وەك میللەتێك، دەوڵەتێك ئەوسا لەڕێی دەزگا فەرمییەکانەوە لەدەرەوە فرسەت بۆ هونەرمەند و هونەرەکەی دەڕەخســـێت کە وەك هونەرمەندێکـــی جیهانی ناو ببرێت یان بناسرێت.

* لەو کارانەی کە بەزمانی هۆڵەندی پێشکەشـــت کردوون، ئایا هەوڵتداوە لەڕێگەیانەوە خزمەت بەهونەری کوردی بکەیت و چۆن؟

-بەپێی ئەزموونی ئەو چەند کارەی کە لەهۆڵەندا بەئەنجامم گەیاندووە دەڵێم بەڵێ، ئەو کارانەمان بەزمانی هۆڵەندی بوو بووە مایەی ئەوەی خەڵکێکی زۆری ئەو وڵاتە تێڕوانینێکی تری هەبێت بۆ میللەتەکەمان و بۆ کێشەکەی،

# ـــــەتەوە



پاشتر هاتنی کۆمەڵێك هونەرمەندی هۆڵەندیمان تێکەڵی کارەکانمان کرد و بەبەشداری پرۆژەکانمان بەئەنجام گەیاند، بەمەش کۆمەڵێك بینەر و هونەرمەندی هۆڵەندیمان بۆ خۆمان ڕاکێشا و بینەری هۆڵەندیمان دروستکرد بۆ کارەکانمان، پاشان بەم کارانەمان توانیمان پێوەندییەکی باش لەگەڵ شانۆکاران و هونەرمەندە هۆڵەندییەکان پەیدا بکەین و ئاستی هونەری کوردی و هونەرمەندانی کوردیان نیشان بدەین، کارەکانیشمان لەو ڕووەوە شاهید قسەکانمە.

* ئایا مانەوەتان(تۆ و سەدان هونەرمەندی دیکەی کورد) لەتاراوگە مانای ئەوە نییە کە ئیتر هونەر بووەتە شتێکی لاوەکی و تەنیا یادگارییەك لەژیانتاندا؟

-نەخێر من لەم ڕووەوە باس لەخۆم و چەندین هونەرمەندی تر دەکەم کە ئێمە هونەرمان پشتگوێ نەخستووە، شتێکی لاوەکی نەبووە و بەپێچەوانەوە لەگەڵ هەموو زەحمەتێکی کارکردندا بەردەوام بووین و چەند شاکارێکی جوان و بەخزمەتمان بە ئەنجام گەیاندووە، دیارە خۆ ڕەنگە هونەرمەندیش هەبێت هونەرەکەی پشتگوێ خستبێت، بەڵام ئەوانە ڕێژەیەکی زۆر کەمن.

* چۆن (ئاکامی نهێنییەکان) هەڵدەسەنگێنی؟

- (ئاکامی نهێنییەکان) یەکێك لەو کارانەیە کە فەخری پێوە دەکەم چ لەڕووی ناوەڕۆکەوە چ لەڕووی هونەرییەوە و چ لەڕووی بەشدارانەوە، ئەم کارەش وێستگەیەکی بەرەو پێشی تر بوو لەو وێستگە هونەرییانەی کە پێیدارۆیشتووم.

* ئامانجەکانت لەو درامایە (ئاکامی نهێنییەکان) هاتنە دی؟

- بەڵێ (ئاکامی نهێنییەکان) چەندین ئامانجی هەبوو کە هەموویان پیرۆزن لای من، لەوانە مافی مێینە، دژایەتی توندوتیژی دژیان، ئاگادار کردنەوەیان لە شوێنێك، یاسایەك، کەسانێك هەن داکۆکییان لێ دەکەن و ئێمەش وەك هونەرمەند بەشدارین لەئاشکرا کردنی وێنەکان و ڕێپیشاندان بۆ چاو نەترسی و ڕێگای چارەسەر کە ئەمانە لەلای زۆربەی بینەر کاردانەوەیەکی زۆر باش و پۆزەتیڤی هەبوو.

* خەڵك سەربەستە لەدەربڕینی سەرنجی خۆی بەرامبەر هەر کارێك کە دەیبینێت هەر چۆن منیش سەربەستم لەهەڵبژاردنی هەر کارێك کە دەمەوێت بەئەنجامی بگەیەنم، گرنگ ئەوەیە ئەو ڕەخنانە زانستی بن و ئێمەش بتوانین سوودی لێ وەربگرین، هەموو سەرنجەکانیش ناچێتە خانەی ڕەخنەوە.



